## دوایین پێکی جودایی ... نیادگار عەبدوڵڵا ڕەواندزی

یادت کلۆی بەفری خەمە لە ئاسمانی خەیاڵمدا دائەباری
یادگاریت بۆ چاوم تەمە خەمی دووریت بۆتە باری
چاوەکانم بوونەتە پشکۆی ئاگرین بە فرمێسکم ناکوژێنەوە
دڵیشم لە خوێن بێزارە نەمامی ئاواتەکانم تازە بە خوێن ناژێنەوە
کام هەناسە لە سینەمدا هاتۆتەدەر بی روانی خەمێکی نوی
کام شەو هەیە رۆحم لە باوەشی ئەندێشەیەکی ئاڵۆزدا نەنوی
تازە ژیان لەدوریت وەك مۆمێکی هەڵنەگیرسا وە
ئیتر خولیای دیدەنی تۆ لای من لەنێو سەرێکی بی چاوە
خۆ من دەستی مەرگ نەبووم روحی شادیت لەسەر گوڵی ژین بفرێنم
یا هیچ کاتی مایەی دڵتەنگی تۆ نەبووم تاکو شەوان چاوەکانت بگَرێێنم
لەژێر هەر هەنگاوێکتا بۆ لای من درکی ناحەزی شین ئە بوو
پرشنگی سەرنجی چاوت لە نیوەی شەو وەك دەمی خۆرنشین ئەبوو
پەشیمان نیم لەوەی رۆژی پڕ بەدڵ و تروسکایی چاوی خۆما خۆشم ویستوی
لەگەڵ هەر ئازارێکتا یا برین و ژانێکتا وەکو رۆحم تۆشم ویستۆی
گەر ئەم جارە خەوەکانم بوون بەدەریا نابی کەشتی عەشق لە باوەش بگری
دەستی شیعرم نایی ئیتر لە هیچ چاوێکی هەوەس دۆست فرمێسکی دڵداری بسری
بە ئارەزووی خۆم نەبوو کاتی بە تەنیایی لە دایك بووم
حەزم لی یە هەر بەتەنیابم کاتی کە لە دونیا دەرچووم
جگە لە گۆر هیچ کەسی تا هەتایە باوەشی خۆشەویستی ئاوەلاناکا
یا بۆ سەوزی گەڵای عەشق کەس هەوڵ و تەقەلا ناکا
خەفەت لە دڵدا هەڵمەگرە چارەی دابران نییە بۆت
دڵداریمان بوو بەخەون بۆ خواست و مەبەستی خۆت
( وەرە هەرچی پووشوی لانەی نیگاکانتە لە دڵما بیبەرەوە
ئیتر دەرگای چاوت لە ڕوی خەندەکانم مەکەرەوە )
با ببی بە دووریانێك تاکە رێگای ژیانی خۆشەویستیمان
با نۆشی کەین دوایین پێك و تامی جودایی و مەستیمان